

**سوەیلا مەیهەمی**

## سوهەیلا مێهەمی: **نهێنی هونەر لەوەدایە هونەرمەند ناتوانێ هەموو کەس لە خۆی رازی بکات**

خاتوو سوهەیلا مێهەمی یەکێکە لە ژنە شاعیرەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، ئێستا لە سنە دەژی. کۆمەڵێ پرسیارمان ئاراستە کرد و ویستمان رازەکانی سەبارەت بە شیعر و شاعیرێتی بۆ ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بدرکێنێ. بە سوپاسەوە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، لە رێی وەڵامەکانییەوە تێدەگەین باکگراوندێکی رۆشنبیریی باشی هەیە سەبارەت بە شیعر و دنیای ئەدەب بەگشتی، خۆشحاڵین کە لەم پەنجەرەیەوە سوهەیلا مێهەمی بە خوێنەران و ئەدەبدۆستان ئاشنا بکەین. ئەوەش بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین ئەم پەنجەرەیە بە کراوەیی بهێڵینەوە بە تایبەتی بۆ ئەو ئەدیبە گەنجانەی پەنجەرەیەکی روانینیان نییە و دەیانەوێ لێرەوە بەسەر خوێنەراندا بڕوانن و رازەکانی ئەزموونی خۆیان و دنیای ئەدەبیان بۆ ئاشکرا بکەن.

**ئەدەب و هونەر**

٢-٢

*بەتایبەتی لای ئێرانییەکان نالێن شاعیر شیعر دەنووسێت، دەڵێن شیعر دەڵێت، دەشێ وا لێك بدرێتەوە کە پێویستە شاعیر بە جوانترین ریتم و جوانترین نواندن و ئاماژە شیعرەکەی بخوێنێتەوە، تۆ تاچەند لەم بوارەدا راهێنانت کردووە و دەتوانی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش شیعری خۆت بخوێنیتەوە؟

-لەڕاستییدا کاتێك دەقێك دەنووسم کات هەیە چەندین جار وشەکان دەگۆڕم و تا ئەم کاتە بە وەسواسەوە دەقەکانم چەندین جار دەستکاری کردووە وەکو گۆڕانکاری لە وشەیەکدا و دێڕێکدا، پێداچوونەوە بۆ شیعرەکانم دەکەم و کاتی بۆ دادەنێم و فایلی سەوتی لێ بەرهەم دێنم و خۆم گوێ لە خۆم دەگرم و دیسان بڕیار دەدەم چەند جارێکی دیکەیش بە شێوازگەلێکی جۆرواجۆر بیخوێنمەوە و تا شێوازێکم بە دڵ دەبێت. چۆن ئەوە شیعرە بڕیار دەدا چۆن بیخوێنیتەوە و ریتمی بۆ بە دەنگ هەڵبێنی کە پێویست دەکات شاعیر کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەی لە دەنگ و ریتم و جووڵانەوەی هێندێ لە ئەندامگەلی وەکو دەست و سەری لە شیعرەکەیدا بەشدار بکات. شێوازی خوێندنەوەی شیعر لەسەر خوێنەر خاڵێکی کاریگەرە لەسەر شیعرییەتی دەق، کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر بەردەنگ خوێندنەوەی شیعر دووبارە بوونەوەی شیعرە، چونکە خوێندنەوەی شیعر بەس خوێندنی خەت بە خەتی دەق نییە ئەگەر جوان ئەدا بکرێ، کاریگەری لەسەر خوێنەر دەبێ و چێژی لێ دەبات ئەگەر جوان ئەدا نەکرێ بەردەنگ نەفرەتی لێدەکات. لە رێگای خوێندنەوەی شیعرەکەوە هێندێ جار دەتوانی کەم و کووڕییەکانیشی بسڕیتەوە. کە واتە نووسین و ئەداکردنی شیعر پێکەوە پێگەی شیعر بەرز یا نزم دەکاتەوە. هەر لەمێژە نووسەران و کەسە ئایینییەکان لە رێگای وتنەوەوە بەدەنگی خۆش بووە، پەیامی خۆیان راگواستۆتەوە نێو

خەڵك. باش ئەداكردنی شیعر چەند خاڵی گرنكی هەیە، یەكەم پێكهاتنی پەیوەندی بەینی شاعیر و خوێنەر و دووهەمین خاڵی كاریگەر بوون و سێهەم گواستنەوەی مانایە، چوارەمیش لە چێژ وەرگرتندایە.
*هەندێك باوەڕیان وایە كە دەبێ دێڕەكانی شیعر بیرۆكەیەك بەیەكیانەوە ببەستێ و مانایەك ببەخشن، هەندێك دژی ئەمەن و گوێ بەو مەرجە نادەن، تۆ لەگەڵ كامیانی و بۆچی؟

-مەبەست لە فۆرمی شیعر شێوازی داڕشتن و هەموو پێكهاتەكانی شیعرییەتە و شیعر بە واتایەكی گشتی نە لەبازنەی راڤەدا دەگونجێت نە لەفۆرمدا بەدرێژایی مێژووی دەق، شاعیران و خوێنەرانیش فۆرمەكانی جیاوازی دەقیان بە رەسمی قبووڵ كردووە. لە شیعری هاوچەرخدا فۆرمی شیعری سپی بەشێوازی ستوونی بێت. شێوازی شیعر ئەوەیەكە هەر لە سەرەتاوە تاوەكو كۆتایی یەكدەستی و یەكبوونەوەیەكی فیكری تێدایە لە جووڵەی بەردەوامی فیكری شاعیردا پێكەوە پەیوەندیان دەبێ، بەڵام لە تیۆرییەكانی شیعری هاوچەرخدا هەر شوێن پەنجەكانی خۆی دیاریدەكات شیعر لە شێوازی ریوایەت و بەرداشت و حوكمی كۆتایی خۆی دەرباز دەكات شێوازی ستوونی لە شیعری هاوچەرخدا لە روانگەی داڕشتن و وێنەوە، پرژانێكی تێدایە و شیعر لە بازنەی ئەندێشەدا بە یەكبوون دەگات. شێوازی ستوونی لە شیعری هاوچەرخدا ئافراندنی چەند وێنە دەكات خەیاڵی شاعیر لە فەزا و شێوازی وشەكان پێشكەش دەكات. شیعری هاوچەرخ خۆی دەرباز كردووە لە كۆمەڵێ چوارچێوە كە بەربەستن و دەستی قەڵەم كۆتا دەكەن لەوەی بە ئازادی ئافراندنی وێنەكانی خەیاڵ بكات. سەرەكیترین لایەنی جوانیناسی شیعری هاوچەرخ لە هەبوونی زۆرینەی ئیلهام و ئەو ئاڵۆزی هەڵچنراوەی شیعردایە لایەنی زاڵی شیعری لەبەر گرتووە بەڵام لە هێندێك شیعریشدا ئیلهامێكی جوانی تێدا نییە.

شیعری هاوچەرخ دوو ڕەهەندی هەیە یەکەم ڕەهەندی مێژووی شیعرێکە لەگەڵ شیعری شاعیرانی کۆندا جیاوازی هەیە و ڕەهەندی دووهەم ڕەهەندێکی جیاوازە شیعرێکە نابێ لە شیعری شاعیرانی هاوکاتی خۆیاندا لێکچوونەوەی هەبێت چۆنییەتی ئەم جیاوازبوونە وایە کە بایەخ دەدا بە شیعر. لە شیعری ئەمڕۆدا چەند دەنگی زۆرە و لە هەر نووسراوەیەکدا بێشك داڵ و مەدلوولێك دەقەکان پێکدێنن بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا خۆی نابەستێتەوە بە ماناوە هەرچەندە پێکهاتەی شیعری هاوچەرخ دوور لە مانا نییە بەڵام مانا بە دوادا دەخات و ئێمە دەبینین دێڕەکان ڕەنگە پێکەوە نەبەسترێنەوە، شیعری هاوچەرخ خۆی نابەستێتەوە بە مانایەك یان شرۆڤەیەکی تایبەت و هەر ئەوە خۆی بۆ من زۆر وروژێنەرە و چێژ بەخش.

*لە شیعردا زمان تێکدەشکێنرێ و جوانییەکی نوێی لێ دروست دەکرێ لای تۆش هەمان ڕێسا هەیە؟

-دژەباو بیرکردنەوەی نووسەر دەبێتە هۆی ئەوە بە ئاسانی نەتوانێت کەسانێکی دیکە وا قبووڵی ئەوەی ناکەن ڕازی بکەیت تاکو وەکو ئەو بیر بکەنەوە، بەڵام نابێ هەوڵی ئەوە بدات خەڵك وەکو ئەو بیر بکەنەوە ڕازیکردنی هەموو کەس دەبێتە نهێنی دۆڕاندن، نهێنی هونەر لەوەدایە هونەرمەند ناتوانێ هەموو کەس لە خۆی ڕازی بکات. مانیفێستی شیعری هاوچەرخ لە ڕۆژبوونەوەدایە و تازەگەری لە ناخیدایە تێکشکاندنی زمان وەکو کلتووری باو ڕاستە نەك وەکو تێکشکاندنی ڕێزمان بەڵام شۆڕش زمانی لە شیعری هاوچەرخدا زۆر باوە وەکو شۆڕش دژی «نەحو» و کێش و سەروا و بەرهەمهێنانی زۆرینەی وێنە و ... شاعیری هاوچەرخی ئێرانی ڕەزا بەراهەنی دەڵێت : «زمان بۆ ئەوەی ببێتە زمان دەبێ بەردەوام دانانی خۆی لە مەترسی بێ واتا بووندا بێ، تاکو دانانی بەشگەلی نێوی زمانیدا لە دوور دەستەکاندا، بە درەنگ بە دەستەوەدانی فامکردنی ئەو شیعرە چێژ

هێنەرتر بێ زمان دەبێ بە مردنی زمان و مردنی شادی هێنەری زماندا ئاگادار ببێتەوە». شیعر بەردەوام لە گۆڕانکاری یاسا کۆنەکاندایە هەر بەو هۆیەوە بەردەوام لە گەڵ دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتدا بە شەڕ دێت. لەو بڕوایەدام هەر شتێك لە کۆمەڵگادا و دەسەڵاتدا ببێتە عادەت و کرداری کلتووری، بەرەبەرە لە چەمکی چەقبەستویی و کرداری کلتووری زۆرداری دادەنرێت. بەڵام شیعر بە پاککردنەوەی عادەت و ملهوڕی کلتووری دەردەکەوێت.

*قەت ئەوە ڕوویداوە گوێگرتن لە شیعری خۆت بتخاتە گریان؟
-بەڕاستی هێندێك کات ڕوویداوە دێڕێك یا شیعرێك بمخاتە گریان و کاریگەری لەسەر رۆح و هەستمدا بێ بیرهێنانەوەی یادەوەرییەکی ئەو کاتی نووسینی ئەو شیعرە و ریزکردنی وشەگەلێك پەنجە بۆ داگیرکردنی هەستم دەهێنن بێگومان شیعری کوردی مێژووێیکی درێژی لە پشتەوەیە بەتاییەت کە مێژووی کورد تەژییە لە تراژیدیا بە هۆی نیشتمانێکی داگیرکراو و ژنیش لەم ناوچەیەدا ڕووبەڕووی زۆر نەهامەتی و نەریتی داسەپاو و چەوساوەیی دەبێتەوە ئەوانە ڕەنگدانەوەیان زۆرە لە شیعرەکانمدا هیچکات شەڕە نەخوازراوەکان سێبەریان وەدەرنانێن لەم ناوچەیەدا نەیانهێشتووە شیعریش ڕووی خۆشی ژیان ببینێ و ئاوڕێکیش بۆ دڵداری و بووژانەوە لە جوانییەکانی ژیاندا بداتەوە.